# د. عەبدوڵڵا ئیبراهیم لە سەردانێکدا



بە میوانداریيەکی رەسمیی رۆژنامەی کوردستانی نوێ و لە دوارۆژی مانەوەی لە عیراق و دوای نزیکەی 20 ساڵ دوورکەوتنەوە لێی، رۆژی 2008/7/6 بیرمەند و رەخنەگری عەرەب و عیراق د .عەبدوڵڵا ئیبراهیم سەردانی شاری سلێمانی و بارەگای رۆژنامەی کوردستانی نویَ–ی کرد، لەم سەردانەدا کە سەرۆکایەتیی نووسین و بەرپرسی ئەدەب و هونەر و ژمارەک لە ستافی رۆژنامەکە پێشوازییان لێکرد، سوپاسی داوەتنامەکەی کوردستانی نویَ–ی کرد، دواتر سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی کوردستانی بەسەرکردەوە و ئێوارەی هەمان رۆژیش لە هۆڵی مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندن دیدارێکی بۆ رێکخراو لەگەڵ کۆمەڵێک لە نوسەران و ئەدیبان و رۆژنامەنووسان کۆبووەوە. لەم دیدارەدا د. عەبدوڵڵا باسی لە ئەزموونی رۆشنبیری و رەخنەیی خۆی و بەشێک لە کتێبەکانی کرد بەتایبەت کتێبەکانی: جیهانی سەدەکانی ناوەڕاست لە چاوی موسڵمانانەوە، سەنترالیزمی رۆژئاوایی، سەنتەرالیزمی ئیسلامی، فەرهەنگی سەردی عەرەبی، دوای ئەوەش گفتوگۆیەکی گەرم بەرپابوو و بیروڕای لەگەڵ ئامادەبوواندا ئاڵوگۆڕکرد.